# پشتیوانی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردوستانی

# ئێران کێن ؟؟؟

بە پێی ڕاگەیاندنێکی ڕێکخراوی کوردوستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ڕۆژی 2005/8/6 ئاسایشی سلێمانی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردوستان تەقەی کردووە لە کۆبونەوەی جەماوەری خەڵکی شاری سلێمانی بۆ پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کوردوستانی ئێران , هەمان کات داوای مۆڵەتێکی ڕەتکردۆتەوە کە لە لایەن کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردوستان بۆ هەمان مەبەست پێشکەش کراوە .تەقە کردن لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینی هێمنانە لە کوردوستانی ژێر دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد دیاردەیەکی ئاسایی و سەرکووتگەرانەیە کە بزووتنەوی ناسیۆنالیستی پێدەناسرێتەوە,لەو بارەیەوە تەنها لە ساڵی 2005 دا خەڵکی کوردوستان شاهیدی چەندین ڕووداوی خوێناوین لەسەر دەستی ئەم حیزبانە.تەقە کردن لە کۆبونەوەی خەڵکی شاری سلێمانی بۆ بەرگری و پشتیوانی لە خەڵکی کوردوستانی ئێران لە8/6/ 2005 وە دەست پێناکات , بەڵکو زیاتر لە 14 ساڵە بەواقیعی کوردوستانی عێراقی ژێر دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد ئەو مەیدانە بووە کە هەموو ڕۆژێ پۆلێك لە ئینسانی سیاسی و ئازادیخوازی کوردوستانی ئێران تەقەیان لێکراوەو , کراونەتە قوربانی سیاسەتی دژی ئینسانی و سەکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و پاراستنی دەسەڵاتی ئەحزابی حاکم لە کوردوستانی عێراق. تیرۆر و ڕەشە کوژی لە لایەن دەزگای ئیتلاعاتی و بە هاوکاری دەسەڵاتدارانی کوردوستان بە ئاستێك گەشتبوو کە تەنانەت لە نێو بازگەو بارەگاکانی هێزە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ئەم کارە ئەنجام دەدرا . فشار و چوارچێوە دانان بۆ سوود وەرگرتن لە هەلومەرجی سیاسی کوردوستانی عێراق لەلایەن لایەنە سیاسیەکانی کوردوستانی ئێرانەوە زۆر بە توندی دەسەڵاتدارانی کوردوستانی عێراق پەیرەویان دەکردو ئێستاش بەردەوامە , تەنها بۆ ڕازیکردنی دڵی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران و دوورخستنەوەی ئەم ڕژێمە لە مەرگی خۆی . کوشتاری ئاشکرای ئەندام و تەنانەت لایەنگرانی لایەنە سیاسیەکانی کوردوستانی ئێران بە ئاستێك گەشتبوو کە خەڵکی ئاسای نێو بازاڕو شارەکان هەستیان پێ دەکرد , جارێك ڕێم کەوتە مەیدانی ئەسحابەسپی لە شاری سلێمانی پاش تۆزێك ئەو دەورو بەرە چۆڵ بوو , لە یەکێك لە میوەفرۆشەکانی بازاڕەکەم پرسی ئەوە چی ڕوویدا , میوەفرۆشەکە ووتی هەرکاتێك ئەو ئۆتۆمبیلانە دێن و دەوەستن بۆ شت کڕین خەڵکەکە ئەم ناوە چۆڵ دەکەن , چونکە خەڵك دەترسن تەقە لە ئۆتۆمبیلەکە بکرێت و پێوە بن , مەبەست لە ئۆتۆمبیلەکانی لایەنە سیاسیەکانی کوردوستانی ئێرانە کە دەبوونە نیشان

, ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد لە کوردوستانی عێراق هەر بەرەیەك دەسەڵاتەکەی بۆ بپارێزێت پشتیوانی لێدەکات , کە دیارە بەرەی ئەوان بەرەیەکی کۆنەپەرستانەیەو چاویان هەڵنایە بەوەی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردوستان بە تایبەتی ڕزگاریان بێت لە دەست ڕژێمی مەرگ و خوێنی جمهوری ئیسلامی ئێران . دەسەڵاتدارانی کوردوستان لە کەناڵەکانی سەتەلایتەکانیانەوە نمایشی چەند کەسێکیان کرد لە کاتی بە سەرۆك بوونی تاڵەبانی و بەرزانی لە شارەکانی کوردوستانی ئێران بە حیساب ئاهەنگ دەگێڕن , بەڵام ئێستا بۆ پشتیوانی ئەو خەڵکانە کە ئەیانەوێت لە دەست زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی ئێران ڕزگاریان بێت تەقە دەکەن و دەیانەوێت خەڵکی شارەکانی "مەهاباد , مەریوان , سنە , سەقز , پیران شەهر , شنۆ , سەردەشت , بانە" و تەواوی شارەکانی کوردوستان بێ پشتیوان بمێننەوەو دەنگی ئازادی و بڵندیان بۆ ژیانێکی ئینسانی و شایستە خامۆش بکەن . من پێم وایە ئارەزووی خەڵکی کوردوستانی ئێران بۆ ئازادی و گەڕان بە دوای فرسەتێك کە تەعبیر لە ناڕەزایەتیەکانی خۆیان بکەن لە دژی ڕژێمی سەنگەسارو سێدارەی ئیسلامی لە ئێران , لەگەڵ تەوەهومێك بە ناسیۆنالیزم ئەو چەند کۆبوونەوانە لە شارەکانی کوردوستانی ئێران ئەنجام دراوە , ئەم حیزبە دەسەڵاتدارانەش کردیانە وەسیلەیەکی تەبلیغاتی

و نەخشان و پەخشان کردنی تەوەهومی ناسیۆنالیستی . سەرۆك بوونی بەرزانی و تاڵەبانی و فیدراڵی هیچ یان وەڵام نین بۆ بەهێز بوونی بزوتنەوەی سەرنگونی و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی وەدەنگ هاتوو لە" مەهابادە وە بۆ بانە " هەر فریوکاریەکی ئەم دوو حیزبە بۆ خۆڵ کردنە چاوی خەڵکەو ئەوان ناتوانن پشتیوانی ئەو دەنگە ئازاد و بەرزانەبن , کە ئەیانەوێت قەڵای پوچەڵی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕوخێنن . پشتیوانی ڕاستەقینەو واقیعی خەڵکی ناڕازی کوردوستان لە " مەهابادەوە بۆ بانە " تەنها ئەو ئینسانانەن کە دڵیان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان لێدەدات بۆ خەڵکی شارەکانی کوردوستانی ئێران , کۆمەڵگا و ژیانێك کە بتوانێت مانای بەرزی ئاسودەی و یەکسانی نێوان ئینسانەکان دابین بکات , کۆمۆنیستەکان , یەکسانیخوازەکان , پێشکەوتوخوازەکان , ئینسانە دڵ پڕ لە هیواکان , هەڵگرانی پەیامی دژی چەوسانەوەو ستەم , هەڵسوڕاوانی نەمانی ستەمی میللی و تەواوی جیاوازیەکان , ئەمانە پشتیوانی ڕاستەقینەنن و دەبێت خەڵکی شارەکانی کوردوستانی ئێران ئەم هێزانە بە پشتوو پەنای خۆیان بزانن و هەر تەوەهومێك بە ناسیۆنالیزمی ئەم دیوو ئەو دیوو فڕێدەن و, بەدیلێك لەبەردەمی خۆیان دابنێن و کاری بۆ بکەن کە بتوانێت وەڵام بە ژیانی ئەو منداڵانە بداتەوە کە لە کورەخانەکانی خشت بڕین خونچەی تەمەنیان گەرمی کورە هەڵیئە پڕوزێنێت .لە هەناوی ناڕەزایەتیەکانی ئێوەدا پەیامی دنیایەکی باشتر و ژیانێکی ئینسانی بەدی دەکرێت بۆ ئەو پەیام و ژیانە ئێمە پشت و هاوڕێی خەباتانین .

بژی خەڵکی کوردوستان " لە مەهابادەوە بۆ بانە "

بروخێ ڕژێمی هارو دڕندەی ئیسلامی لە ئێران

هیدایەت مەلا عەلی
hidayat_malaali@yahoo.com
2005/8/7